# شومی فیلمەکەی شۆڕش قادر و سوکایەتی بە هونەری کوردی..!

شادان غریب

لە ماوەیەکی کورتدا دوو جار ئەم فیلمە لە کەناڵی ئاسمانیەوە پەخش کرا..! ئەمە مانای فیلمەکە یان زۆر سەرکەوتووە یان شتێکی تری لە دواوەیە ، دوای پەخشی دووەم هەندێك زانیاریم دەستکەوت، یەقینی کردم پەخشکردنەکە پەیوەندی بە سەرکەوتنەوە نەبووە، بەرلەوەی بچمە سەر چیرۆکی بیستراوی فیلمەکە، ئاماژە بە دیاردەیەك دەدەم لەمرۆی فیلمسازیدا، فیلمساز دەیەوێت چیرۆك و سیمینار و دەرهێنان و مونتاژ و وێنەگرتن و بەرهەمهێنان و ... شتی تریش هەر خۆی بێت ، ئەمە چەند قرسیارێك دروست دەکات ئایا کەسانی شارەزای تر نین لەو بوارانەدا تا هاریکاربن پێکەوە بۆ بەرهەم هێنانی فیلمێکی سەرکەوتو؟ یان لێك دابڕان و ناکۆکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە؟ یان مەبەست ناوبانگی پەلەیەیە؟ یا خود دەسکەوتی دوایی بۆ کەسێك یان دەسکەوتێکی سنوردار بێت،؟ ئەم نەخۆشیە تەنیا ئەم شۆرشەی نەگرتۆتەوە زۆری تریشی گرتۆتەوە، یەقینیشم لەوەی ئەمانە پەرهەمی یەکتریان پە دڵ نیە و هەریەکەیان خۆیان بە پاڵوانێکی بواری فیلم سازی دەزانن هەروەك لەو چاوپێکەوتنانەی لە میدیاکاندا دەیان بینین، ئاخر مەرج نیە ئەوەی لە بواری دەرهێناندا شارەزا بێت لە بوارەکانی تری فیلمدا هەمان شارەزایی هەبێت.. ئەم نەخۆشی یەك دەسەلاتی و یەك دەستکەوتنە رەنگە لە ئەسلوپی حیزبەکانەوە بۆ ئەو جۆرە هونەرمەندانە مابێتەوە و ئەمانیش نەیانەوێ لە مەیدانەکەدا کەسی تر لە خۆیان زیاتر دەرکەوێت یان دەسکەوتی هەبێت.

لەگەڵ هاورێیەکمدا باسی ئەم فیلمە و فیلمە کوردیەکانی ترمان دەکرد بە پێکەنینێکی نیمچە بیزاریەوە بۆی گێرامەوە:

لە کوردستان بووم باسی شومی ئەم فیلمەیان بۆ کردم، ئەم بەناو فیلمە خاوەنەکەی چۆتەوە بۆ سلێمانی بۆ لای جەماعەتی یەکێتی لێیان وەرنەگرتووە و لێیان نەکرپوە ناچار پەنای بۆ چەند هونەرمەندێکبردووە دۆستی پارتین ئەوانیش ووتویانە هەوڵدەدەین لە هەولێر لێت بکرن هەموویانی خستۆتە ئۆتۆمبێلێکەوە بەرە و هەولێر لە رێگا توشی رووداوێك بوون کامەرانی هونەرمەندو ئازاد محمود کە نوسەر دەبێت گیانیان لە دەست دەدەن و خاوەنی فیلمەکە و ئەوانی کەش بە خەستی بریندار دەبن .. دوای چاك بونەوەیان خاوەنی فیلم واز ناهێنێ دەچێتەوە بۆ هەولێر لە وێش لێی وەرناگرن دواجار لە رێی هونەرمەند احمد سالارەوە واستەی بۆ دەکات لای سەرۆکی حکومەت کە ئەمە قوتابی و کوری خۆمانە و پارەی زۆر سەرف کردووە دەبێت بە ناوی یارمەتیشەوە بێت لێی بکرین و یارمەتی بدەین، ئەویش رازی دەبێت، کە ئەمەم بیست گەرامەوە ناو فیلمەکە بزانم بۆ لێی وەرنەگیراوە دیارە فیلمێکی پڕ هەڵۆیستە و من لێی تێنەگەیشتوم، هەرچەند هێنام و بردم شتێکم تیا بە دی نەکرد جگە لەوەی هیچ بەستنەوەیەك لە نێو چیرۆکی فیلمەکەدا نیە و پچر پچرە و بۆ زۆری بۆری مەشهەدی لابەلای تێ خزاندووە ، دەبوو پیاوە سیاسیەکەی تەنیا لە دوو جێگەدا قسەی بۆ شەماڵی هونەرمەند دەکرد هەر لەسەرەتای فیلمەکەوە تا کۆتایی رۆڵی هەبوایە، زوو زو ئەکتەرەکان خۆیان و رۆڵکانیا وون دەبوون نەتدەزانی بۆ هەبوون و بۆ وون دەبوون شادان فواد ئەکتەرێکی بە توانایە هەرزوو رۆڵکەی تەواو بوو کە دەیتوانی سود لە توانای زۆر وەربگرێت بەلام نەك لەو حیوارنە و ئەو چیرۆکەدا، ئەوەی جێی تێنەگەیشتنە ئەو دوو هونەرمەندەی کە هەرئەوان هونەرمەند بوون تیایدا ( شەماڵ و شادان) چۆن رازی بوون لە فیلمێکی ئاوادا رۆڵیان هەبێت، دیارە من باسی روناکی و زاویەی وێنە گرتن و شتی تریش ناکەم . پاشان بۆ هەر دەبێت پەناهەندە لە گێژاودا پژی و نەزانێ چی دەکات و چۆن ژیان بەسەر دەبات، میدیاکانی ناویشەوە هەر وا بیر دەکەنەوە، ئەوەی هاتۆتە دەرەوە هەمووی دوای دۆلار نەکەوتووە خەڵکانی وریا و بە هەڵۆێستیان زۆرە و رەفزی واقیعە حیزبایەتیەکەی کوردستانیان کردووە ئەو واقعەی ئەم جۆرە هونەرمەندانە پەنای بۆ دەبەن و ماستاویان بۆ دەکەن بەڵکو پرێك پارە یان پارچە زەویەکیان پێبدەن, بۆ ناوێرن شتە راستیەکان بکەن بە فیلم ، بۆ ناوێرن باسی گەندەڵی ئەمرۆی شۆرشگێری دوێنێ بکەن ،دەترسن وەك دکتۆر کەمالتان بەسەر بێت، گەر هەڵۆێستان نەبێ و ئەو فیلمانەی ناوەوە لە وەی ئێوە بە پێز تربێ نەبوونی چاتر نیە چوون بە پێی ئەوەی لە هەندەران مەشهەدەکانت گرتووە لە دەرەوەی، باشە گەر بە فیلمەکەت خەڵك بخەیتە گێژاوی گەرانەوە خۆت بگەرپیتەوە باشتر نیە ماوەیەك لەوێ بیت و پاشان راکە وەرەوە دەرەوە و فیلمی بە تواناتر بەرهەم بێنە، ئاخر فیلمی ئەمرۆ مێژووی سبەینێیە، هونەرمەند توێژێکی روناکبیری کۆمەڵە جا ئەگەر ئەمان ئاوا دوای بەرژەوەندی مادی خۆیان بکەون بۆ بە حیزبەکان دەڵێن دنیایان خوارد، روی تێبینیم دەکەمە هەموو هونەرمەندانی شانۆیی و سینەمایی یەکگرن و پێکەوە هاریکاری بکەن.. بە دوای قەزیەدا بگەرێن وبیکەنەفیلم ، خەڵك و قەزیە و هونەر مەکەنە فیلمی دەستکەوتی پارەیی و خۆ ریسوا کردن .